# کاپیتالیزم خۆرەی مرۆڤەکان



نیگار عینایەتی

"پارچە زەوییەکی دیوار کرد و رایگەیاند کە ئەم پارچە زەوویە هی منە و منم خاوەنەکەی و خەڵکانی ساویلکەش وتەی ئەم دانەری دیوارەیان پەسندکرد و ملکەچی بوون". بەباوەڕی "ژان ژاک رۆسۆ"، بناغەدانەری سیستمی بۆرژوازیی (خاوەنکار و خاوەن سەرمایە) هەر ئەم کەسە بوو کە پارچە زەوییەکەی دیوار کرد! بەمجۆرە رۆسۆ دەسپێکی ئەم پێوەندییە ئابوورییە دەگەڕێنێتەوە بۆ کردەی ئەو کەسە. نووسەرە کلاسیکەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن یەکەم پێوەندیی ئابووریی نێوان مرۆڤەکان لە سەر زۆرداریی کەسێک و ساوێلکەبوونی کەسانی دیکە داڕێژرا. بەپێی ئەم بۆچوونە خاوەنی پارچە زەوییەکە نەتەنیا یەکەم خاوەنکار بەڵکو یەکەم دزیش بووە، واتە ئەو پارچە زەوییەی کە مڵکی هەمووان بووە داگیر و خۆی بە خاوەنی کردووە. پاشان دامەزراندنی نوسینگەیەکی تاپۆ و دانانی کەسێک رێگەی زیاتر خۆش کرد هەتا دیوارکردنی ئەو پارچە زەوییە بە یاسایی بکات. "رۆسۆ" پێیوایە ئەگەر ساویلکەیی خەڵک نەبوایە کە داگیرکردنی زەوییەکەیان قبووڵ کرد مڵکایەتیی تایبەتیی بەدینەدەهات. داگیرکارەکە کە خێراتر لە خەڵکانی دی زەوییەکەی داگیر کرد، بوو بە سەرمایەدار و ئەوانی دیکە بە هەژاری و دەستکورتی مانەوە کە تا بەئێستاش درێژەی هەیە و ئەو گێڕانەوەیە ئەمێستاکە بۆتە سیستمێکی زەبەلاح و خەریکە هەموو دنیا دەپووکێنێتەوە.

لە دنیای ئەمرۆکەدا گرینگترین سیستمێکی کە مرۆڤەکانی کۆیلە کردووە و هەتا ئاستی گۆشەگیری و تەنیایی و دابڕان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان گەیاندووە سیستمی کاپیتالیستییە.

زاراوەی "کاپیتال" لە چاوگی لاتینی کاپیتلیوم (Capitalism) ەوە وەرگیراوە. پێشگری "caput" واتای "سەر" (لوتکە و بڵندترین شوێن) و لە ئابووریدا واتای سەرمایەی هەیە. ئەم واتایە بەرەبەرە خۆی لە ناوچەیەک دەرباز کرد و گشتگیربوو و وەکوو سیستمێک بەشی هەرەزۆری دنیای تەنییەوە. واتە سیستمی کاپیتالیستی. لەم سیستمەدا هەر تاکێکی سەرمایەدار بۆ گەیشتن بە قازانجی زیاتر لە تەواوی دەرفەتەکان کەڵک وەردەگرێت و ئەگەر وا نەکات دەدۆڕێت. بە کورتی، سیستمی کاپیتالیستیی سیستمێکە کە هەموو هەبوونێکی ماتریاڵ دەکا بە کاڵا و دەیخاتە بازاری کڕین و فرۆشەوە و بازرگانی پێوەدەکات. لەلایەکی دیکەوە هەر ئەمە، سیستمێکی کۆمەڵایەتییە کە تێیدا کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و ساتوسەوداکردن بە تەواوی و بەشێوەی تایبەت لەدەستی تاکەکان دایە و تەنیا ئەوان دەتوانن دەستی بەسەردا بگرن.




یەکەم ڕەگەکانی سیستمی کاپیتالیستی لە بریتانیای سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەمدا دەرکەوت و پاشان بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتیی ئوروپا و ئەمریکای باکووری پەلی هاویشت. دەکرێ بڵێین ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی پیشەکاریی.

ئەم سەدەیە (سەدەی هەژدە) بە سەدەی "ئیندوستریالیست"بوونی کۆمەڵگا ناوزەد کراوە. لەم دۆخەدا مەکینەکان جێگای مرۆڤیان گرتەوە و کارخانەکان گەورەتر کرانەوە و پیشەسازیی گەشەی سەند.



تیوریسیەنەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە کاپیتالیزم لە فکری لیبرالیستییەوە سەرچاوەدەگرێت و لیبرالیزەبوونی سەرمایە بە بنەما دادەنێت.

بەشێک لە تیوریسیەن و سیاسەتوانان پشتگریی ئەم سیستمە دەکەن و دەڵێن

کە سیستمی سەرمایەداریی گەشەی زیاتر بە ئابووریی دەدا و بەرهەمهێنان زیاتر دەبێ، ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک و رادەی بەکارهێنانی توانستەکانی مرۆڤ بەرزدەبێتەوە. لەبەرامبەر ئەمانەدا رەخنەگرانی کاپیتالیزم پێیانوایە کە خەونەکانی ئەم سیستمە نەک وەدینایەن بەڵکو دەبێتە هۆی ناعەداڵەتی لە دابەشکردنی سەرمایە و سوود و قازانج، دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێک لە مرۆڤەکان لە رێگای چەوساندنەوەی بەشی هەرەزۆری مرۆڤەکانی دیکە بەهەموو شێوەیەک دەست بەسەر تواناکان و هێز و کار دادەگرن. تەنانەت کولتوور و ئابووریی هەموو مرۆڤەکان لە لایەن ئەم سیستمەوە کۆنترۆڵ دەکرێ و لەو بروایەدان ئەم سیستەمە مەترسیەکی گەورەیە بۆ هەبوونی مرۆڤایەتی و بایەخەکانی. لە رەخنەگرە بەرچاوەکانی کاپیتالیزم مارکسیستەکان و ئۆکۆلۆگیستەکانن.

ئەوەی تا بەئێستا دەرکەوتووە، سیستمی کاپیتاڵ دەست بۆ کڕین و فرۆشتنی هەموو هەبوونێک دەبات، لە مرۆڤەکانەوە بگرە تا خۆزا و گیانلەبەرەکان. ئەم سیستمە هێدی هێدی ژیان لەسەر گۆی زەوی و بوونەوەرەکانی دژوار کردووە. دارەستانەکان هەر رۆژ دەسوتێندرین و گیانلەبەرەکان بۆ پێست و پەشم یان گۆشت دەکوژرێن و سەردەبردرێن.

مردنی بەکۆمەڵی بوونەوەرە ئاویەکان بە هۆی تەشەنەکردنی نەوت، هەموو رۆژێ لە رۆژەڤی مێدیاکان دایە و بۆتە مایەی نیگەرانیی لێکۆڵەرانی بوونەوەرناسی. پلەی گەرما لەسەر زەوی بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە. ئەم بابەتەش مژاری سەرەکیی کۆنفرانسە ئۆکۆلۆگیەکانی وڵاتانە و مەترسییە بۆ لەناوچوونی ئۆکۆلۆژیی زەوی. بڵاوبوونەوەی رێژەی زۆری " دووەم ئۆکسیدی کاربۆن " بەهۆی کارخانە گەورەکانی پێترۆشیمی و پیشەسازی و دووکەڵی هەمووجۆرە ماشێنێک و دەزگا پیشەییەکان، تەنانەت هەناسە هەڵکێشانی بۆ مرۆڤ و بوونەوەرەکان زەحمەت کردووە و هۆکاری سەرەکییە بۆ لەناوچوونی سیستمی ئۆکۆلۆژی. ساڵانە بە دەیان کەس بە هۆکاری کێشەی هەناسەهەڵکێشان و تووشبوونیان بە نەخۆشیەکانی دەستکردی مرۆڤ گیانیان لەدەست دەدەن.

لە لایەکی دیکەوە بەدرووستکردنی چەک و تەقەمەنی و کڕین و فرۆشتنی ئەم کەرەستە مرۆڤ کوژە وچەکی شێمیایی رۆژانە گیانی ١٠٠دان مرۆڤ دەستێنێت. لەهەر شوێنێکدا شەڕ هەبێت ئەوە بەرژەوەندیی ئەم سیستمەی تێدایە. کڕین و

فرۆشی چەکی ناوەکی و کۆمەڵکوژ لەنێو ئەم سیستەمەدا گەورەترین کاڵای بازرگانییە.

تا بەئێستا رووی سەرەکیی تاکە لایەنی کاپیتالیزم ئەوەبووە کە مادەگەرایی رۆڵی یەکەم دەگێرێت و مادیات (پارە) بەپلەی پەرستنی خودایی گەیشتووە. لە بازاری سەرمایەداریدا تەنیا پارە قسەی سەرەکیی دەکات و هەتا رەقەمی پارەکان زیاتر بێت ئەوە دەسەڵات، دەستڕۆیشتوویی، بایەخ، پلەوپایە زیاتر دەبێت. مرۆڤەکان کڕنۆش بۆ ئەم پارەیە دەبەن کە بەدەستی خۆی مرۆڤ دروستکراوە. قەیرانێکی بچووکی ئابووریی هەموو کۆمەڵگاکان و دەوڵەتەکان وەلەرزە دەهێنێت. بۆنمونە قەیرانی ئابووریی ساڵی ١٩٣٠، شەڕی دووەمی جیهانی بەدواوە بوو و مەزنترین خەساری لە مرۆڤایەتیدا. لە کۆتایی شەری دووەمی جیهانیدا شیرازەی بواری ئابووریی گەلان بەتایبەتی ئورووپا بە تەواوی لێکهەڵوەشاوە. لە شەڕی ساردا لە دوای شەری دووەمی جیهانیەوە دەستی پێکرد،شەری سارد، شەڕی ئابووریی و نیشاندانی هیزی ناوکی و دەسەڵاتی چەکداری بوو، وڵاتانی جیهانی سێیەم زیانێکی کوشەندەیان لێکەوت کە هەتا ئێستاش ئەم زیانە قەرەبوو نەکراوەتەوە. وڵاتانی زلهێزی وەکوو ئەمریکا لەم دەرفەتە بە باشی کەڵکی وەرگرت و هەموو سەرمایەکانی گلۆبالی لە لای خۆی گلداوە. ئەوەش سەرەداوێکە بەدەستیەوە بۆ گوشار خستنە سەر وڵاتانی بندەست کە بەخواستی ئەو بجوڵێنەوە و بە قەیرانی ئابووری چاوترسێنیان دەکات. هەروەها قەیرانی ئابووریی ساڵی ٢٠٠٨ نمونەیەکی هەرە بەرچاوی دیکەیە. ئەمریکا بە ئیفلاس کردنی بانکەکانی، ئورووپای ناچار بە هاوکاری و پشتیوانیکردن کرد لەبەردەوام بوونی شەڕەکانی لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا. گلۆبالیزەبوونی ئابووریی هەرچەند بۆ ولاتانی جیهانی سێهەم و هەموو دەوڵەتان سوودی هەیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا بەرێوەبردنی سیاسەتێکی هەڵە لە بواری ئابووریدا زیانێکی گەورە و زەبرێکیکی کوشندە بە هەموو دەوڵەتان و نەتەوەکان و تەنانەت ژیانی مرۆڤەکان دەگەیەنێت. لە ساڵی ٢٠٠٨ بە ملیۆنان کەس پیشەکانیان لە دەستدا و تەنانەت وڵاتی ئیرلەند ئیفلاسی دەوڵەتەکەی راگەیاند، قەیرانی ئابووریی لە یونان ئێستاش لە رۆژەڤی پارلەمانی ئۆروپادایە.






لەم نێوەندەدا لەکۆمەڵگا ئەوەی دەبێتە قوربانیی یەکەم ئەوە چینی لاواز واتە چینی کرێکارە و لەنێو ئەم چینەشدا ژنان و جەوانان لەپێشەوەن بۆ قوربانیی بوون.

کاپیتالیزم مرۆڤەکانی وەکوو رۆبۆت بارهێناوە و هێچ ئیرادەیەکی بۆ نەهێشتۆتەوە. مرۆڤ لەم سیستەمەدا بە خواستی خۆی کوێلەبوونی پەسەند دەکات و تا کۆتایی ژیانی لە خزمەت ئەم سیستەمەدا دەمێنێتەوە و لەپێناویدا تێدەکۆشێ. ئەم سیستەمە بۆ مرۆڤ وەکوو زلکاوێک وایە کە هەتا خۆی تێدا زیاتر بجوڵێنێ ئەوە زیاتر لەم زلکاوەدا رۆدەچێ.

بە کوێلەبوونی مرۆڤەکان لە نێو ئەم سیستەمەدا و لە کاتێک دا کە خۆی بە قەناعەت و بە خواستی خۆی پەسەندی کردوە، مەترسیدارترین شێوازی کوێلایەتە کە هەتا ئێستا لە مێژوودا نمونەی نەبووە. کاتێک مرۆڤ بەو رادەیە بێئیرادە بکرێت ئەوە لە مردوویەک زیاتر نییە و کۆنترۆڵی هەست و هۆش و رەفتارەکانیشی لە دەست ئەم سیستەمەدا دەبێت و بە گۆر خواستی ئەو دەجوڵێتەوە.

ئەم سیستەمە بەوەش رانەوەستاوە بەڵکو مرۆڤەکانی ناچار بەفرۆشتنی هێزی بازوو کردووە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوامی بە ژیانیان بدەن. لەبری ئەو کارەی کە بۆ سیستەمی دەکەن برە پارەیەک وەردەگرێ و زۆرجار بەقەد خۆتەرخانکردنەکانی وەرناگرێت.

بەهۆی ئەوەی لە دەستپێکی پێشەسازیدا کار لە کارخانەکاندا کاری قورس بوون هەر بۆیەش زیاتر هێزی پیاو کرياری زۆرتر بووە. لە هەمانکاتدا هەرچەند ژنانیش هەمان کار و پیشەیان کردووە نیوەی برێ ئەو پارەیەیان وەرگرتووە کە دەدرا بە پیاو. ئەمە هەتا ئیستاش بەردەوامە و یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی هاوسەنگیی رەگەزایەتیە.

فکریەتی پاتریالیستی رۆلی کاریگەری لە سەر ئەم سیستەمەدا هەیە و بەشێوەیەکی هیرالشی فۆرمی بەم سیستەمە داوە. لە سەنتەری ئەم فکریەتە پیاوسالاری هەبوونێکی حاشا هەڵنەگرە و لە هەموو کەلێن و قوژبنێکی ئەم سیستەمەدا رەنگی داوەتەوە.



نۆرم و پرینسیپەکانی کۆمەلایەتی لە نێو ئەم سیستەمەدا بێ واتا دەکرێن و تێکدەشکێندرێن. کۆلتور، فەرهەنگ، بایەخە کۆمەلایەتیەکان بێ واتادەکرێن و دەسردێنەوە. شێوازەی کۆمەڵگا لەناو دەچێت و تەنانەت شێرازەی بنەماڵە لێک هەڵدەوەشێتەوە. مرۆڤەکان لە یەک دوور دەکاتەوەو بە تەنیایان دەهێلێتەوە، کە ئەوەش گورزێکی گران لە سۆسیالبوونی مرۆڤەکان دەدات و سیستەمی تاکگەرایی و ئیندیۆالئزم (Individualism) پێشدەخات.

هەرچەند خۆزای مرۆڤ هەبوونێکی سۆسیالە هەر بۆیەش سیستم بۆ کۆنترۆلکردنی دێت لە تەکنۆلۆژی و ئامێرەکانی پێوەندی وەکوو کامپیوتێر، تەلەفوون و هتد کەلکوەردەگریت و بە فرۆشتنی ئەم ئامرازانە سەرمایەی خۆی کە مەبەستی سەرەکییەتی هەڵدەسوورێنێت. هەوەها لە لایەک پێداویستیی مرۆڤەکان تاڕادەیەک پێکدێنیت و لەلایەکی دیکەوە هەر بەم ئامرازانە بەوردی لە بن کۆنترۆلی خۆیدا دەهێلێتەوە. ئەم سیستەمە زۆر زانایانە و بەسانایی هەم مرۆڤەکان کۆنترۆل دەکات و هەمیش لەم رێگایەوە سەرمایەی خۆی کەڵەکە دەکات، بەواتایەکی کە، تیرێک و دوونیشان. بەمجۆرە، ئەم سیستەمە بچوکترین دەرەتان بە سەرپێچیکردن و یاخی بوونی مرۆڤەکان نادات. نمونە لە کامێراکانی سەر شەقامەکان و ئۆتۆبانەکانەوە بگرە تا دەگاتە دووکان و بازاڕ، مرۆڤەکان بەردەوام لە ژێر چاودێری دان و لەهەر کاتێکدا لەسەر خۆی هەست بەمەترسیی بکات بەهەمووشێوەیک هەڵیدەکوتێتەسەر. کەواتە قەت مرۆڤەکان ئازاد نین و شەو رۆژ لە بن چاودێریی دان.

رەگەزی مرۆڤەکان  بۆ بەرژەوەندیی ئەم سیستەمە بەکار دەهێندرێت. رەگەزی نێر و مێ لە زۆر لاوە بێواتا کراوە و کەسایەتیان لێ سەندراوەتەوە. لە ژێرناوی ئازادیی جنسیەتی، بێ ئەخلاقی کۆمەڵایەتی و بێ کەسایەتی پێشخراوە.

لەم سیستەمەدا ئازادیی بێسنوور لە کۆیلایەتی و خۆکۆیلایەتیکردندا بەتایبەتی لە خۆکۆیلەکردنی مرۆڤ بۆ غەریزەکانی و لەپاوانخوازێتیدا بە بنەما گیراوە کە بێجگەلە قەیرانی کۆمەڵایەتیی، هیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبووە. تەنانەت بەوڕادەیەی کە مرۆڤ لە مرۆڤ بوونی خۆی دوور دەخاتەوە.



ژن گەورەترین قوربانیی ئەم سیستمەیە. ژنان وەکوو هەبوونێکی لاواز دەبینێت و دەیچەوسێنێتەوە. لە ژن وەکوو ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی پیاو کەڵک وەردەگرێت، هەر وەکوو لە سەرەوە ئاماژەم پێدا هێزی پیاو هێزێکی گرانە بۆ کارکردن و کاری پیاوانش کارێکی قورسە، بۆیە لەلایەکەوە لە هێزی پیاو کەڵک وەردەگرێت و کاری لێدەکێشیت و لە لایەکی دیکەوە ژن لە ئیختیاری دادەنێت و کۆنترۆڵی دەکات. لەم سیستەمەدا پێکەوەنانی ژیانی هاوبەشیی بێواتا کراوە و تەمەنی ئیزدەواج لەم سیستەمەدا هەر زۆر بەرزتر بۆتەوە، بۆ نمونە لە ئەمریکا مامناوەندی تەمەنی ئیزدواجی پیاو بۆ ٤٠ ساڵ و هی ژن لە ٢٧ بۆ ٣٠ ساڵ بەرزبۆتەوە. ئەوە چەوساندنەوەیەکی ئاشکرای مرۆڤەکانە بەڵام بە ڕەواڵەت ئازادیی رەگەزییە. بەکەرەستەکردنی لەشی ژن زۆر نۆرماڵ بۆتەوە و وەکوو کاڵا لەنێو بازاڕەکاندا ساتوسەودای پێدەکرێت. لە ژن بۆ فرۆشتنی بچوکترین کاڵا وەکوو سابوون یان تەنانەت پێنوسێک کەڵک وەردەگیرێت هەتا زیاتر سەرنجی خەڵک رابکێشرێت و فرۆشتنی زیاتر هەبێت. ئەوە گەورەترین دەستدرێژییە کە لەسەر جەستەی ژن دەکرێت و جێی سەرنجە کە ئەم پیشانە بۆ ژنان وەکوو بەقازانجترین سەرچاوەی داهات دەستنیشان کراوە کە وا دەکات ژن زیاتر بەخۆیەوە گرێ بدات. بەواتایەکی دیکە جەستەی ژن دەکڕدرێت و ناچاری دەکات بە لەشفرۆشی بە هەموو رووییەکانییەوە. ئەوە خۆی لە خۆیدا گەورەترین چەوسانەوە و  بێ بایەخکردنی

ژنانە. نمونە لە ریستورانتەکاندا لە کچانی سەرنجڕاکێش کەڵک وەردەگیرێت بۆ ڕاکێشانی موشتەری و کریارەکان.

ڕێژەی زۆری خۆکوژیی و کوشتنی ژنان لەم سیستمەدایە. توندووتیژی جەستەیی و دەستدرێژیی جنسی، ئەشکەنجەدانی فیزیکی و رۆحی بەشێوەیەکی سیستماتیک لەسەر ژنان پەیڕەو دەکرێت.

جەوانان بەتایبەتیی زۆر بەسانایی لەنێو ئەم سیستمەدا بێئیرادە کراون. سەرقاڵکردنی جەوانان بە دیسکۆتێک و یاریە ئیلێکترۆنیکەکان بەتەواویی لە هەبوونێکی چالاکی هێزی جەوان بۆ هەبوونێکی پاسیف ماوی بێ کەڵک گواستۆتەوە. لە کاتێکدا جەوان وەکوو دینامیکی گۆڕانی کۆمەڵگا دەنرخێندرێت، لەنێو ئەم سیستمەدا بەتەواوی بێهێز و بێئیرادە کراوە کە بچووکترین رۆڵی لە ئاڵوگۆڕی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا نەماوە.

هەروەها سیستم لە هێزی جەوان بۆ مانەوەی خۆی کەڵک وەردەگرێت و جەوان بە گۆر خواستی خۆی پەروەردە دەکات و پێێ دەقەبولێنێت کە لە دەرەوەی ئەو سیستەمە سیستمێکی دیکە نییە و ئەوە تەنیا ڕێگایە بۆ بەردەوامکردنی ژیان. هەر بۆیە هەر کات لەسەر خۆی هەست بەمەترسیی دەرەکیی بکات، ئەوە لە هێزی جەوان بۆ پاراستنی خۆی کەڵک وەردەگرێت. واتە لەبن نێوی پۆلیس و سەرباز هێزی جەوان وەکوو ئامرازێک بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا بەکار دەهێنیت. لەهەمان کاتیشدا بەسەر کۆمەڵگای دادەسەپێنێت کە پۆلیس و سەرباز بۆ بەرگری و پاراستنی ئاسایشی ئەوانە. بەڵام لەوکاتەی کە کۆمەڵگا نارەزایەتیی لەهەمبەر سیستێم نیشان دەدات، دەسەڵات لەم پۆلیسەی کە بۆ پاراستنی ئاسایشی گەل داندرابوو، بەمەبەستی سەرکوتی گەل کەڵک وەردەگرێت و بەم شێوەیە نارەزایەتیی گەل لە هەمبەر خۆی دادەمرکێنێتەوە.